# شیعری سوێدی



**توماس ترانسترۆمێر**

-1931

**رزگار شێخانی**

**له سوێدییه‌وه كردوویه‌تی به كوردی**

rizgar_shekani@yahoo.se

## لیسابۆن

له گه‌ڕه‌كی "ئه‌لفامه"دا، شه‌مه‌نده‌فه‌ره زه‌رده‌كان
به‌سه‌ر هه‌ورازه‌كانه‌وه گۆرانییان ده‌چڕی
له‌وێ دوو گرتوخانه هه‌بوون، یه‌كێكیان بۆ دزان بوو
له كه‌لێنی شیشی په‌نجه‌ره‌كانه‌وه ده‌ستییان هه‌ڵده‌بڕی،
هاوارییان ده‌كردو ده‌یانویست وێنه‌یان بگیرێت

بلیتفرۆشه‌كه به دوودڵی و به ته‌وسه‌وه خه‌نییه‌وه و وتی:
"به‌ڵام لێره"
" لێره سیاسییه‌كان به‌ندن ". من رووی گرتوخانه‌كه‌م بینی
روویم بینی، رووی، له سه‌ره‌وه‌ش پیاوێكم له‌به‌ر په‌نجه‌ره بینی
دووربینێكی به‌چاوه‌وه نابوو و ته‌ماشای ده‌ریای ده‌كرد.

جلوبه‌رگی شوشتراو هه‌ڵواسرابوو، شووره‌كان داغ ببوون
مێشووله‌كان نامه‌ی میكرۆسكۆپییان ده‌خوێنده‌وه
دوای شه‌ش ساڵان له خانمێكی لیسابۆنیم پرسی:
"ئه‌مه راسته، یان من خه‌ونم بینیوه؟"

PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com